

راپۆرتێک لەبارەی:

# پرۆژە بازرگانییەکانی گەرمیان و گرفتەکانی بەردەمیان

ئاداری 2024

# بەشی یەکەم: راپۆرت

## پێشەکی:

پرۆژە بازرگانییەکان، مەبەست لێیان ئەو پرۆژانەیە کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت لەسەر رووبەرێک زەوی کە حکومەت دەستنیشانی دەکات بۆ دروستکردنی پرۆژەیەک کە کاری ئاڵوگۆڕ و بازرگانی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام بدرێت.

لە گەرمیاندا دو جۆر پرۆژەی بازرگانی هەن، دانەیەکیان پرۆژەی وەبەرهێنانن، ئەوەکەی دیکەش پرۆژەی بانەوانین. لە خوارەوە بە پوختی باس لە هەریەکە لەو دو جۆرە و کێشە و ئاستەنگییەکانی بەردەمیان دەکەین.

## یەکەم: پرۆژە بازرگانیەکان لە رێگەی وەبەرهێنانەوە

### ١. ژمارەی پرۆژەکان

بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦، پرۆژە بازرگانیەکان لە رێگەی وەبەرهێنانەوە ئەنجام دەدرێت، بەپێی وتەی بەڕێوبەری ئەو بەڕێوبەرایەتیە ساڵانە سەروی (٥٠) داوکاری بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی بازرگانی ئاراستەیان دەکرێت.

ژمارەی پرۆژە جێبەجێکراوەکانیش لە خوارەوە دەخەینەڕو:

**پرۆژە بازرگانییەکان کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان دراون**

| جۆری پرۆژە | ژمارە | گوژمەی پرۆژە |
|---|---|---|
| بازاڕ | 6 | 14,966,880 دۆلار |
| تەلاری بازرگانی | 9 | 38,810,516 دۆلار |
| مۆڵ | 2 | 6,218,535 دۆلار |
| وێستگەی ئاسۆی حەوانەوەی هاوچەرخ | 1 | 615,555 دۆلار |
| بانک | 1 | 4,739,898 دۆلار |
| کۆمەڵگەی عەلوەی کەلاری نوێ | 1 | 11,862,000 دۆلار |

*یەکێك لە بازارەکان گوژمەکەی بە دینارە ئەویش بڕەکەی 1,055,600000دینارە

## ٢. چۆنیەتی وەرگرتنی پرۆژەکان

ئەو پرۆژە بازرگانیانەی کە لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە دەدرێت بە بازرگانان جیاوازە لەوانەی شارەوانی، چونکە ئەو پرۆژانە هیچ بڕە پارەکیان لێ وەرناگیرێت ئەوەشی وەردەگیرێت تەنها نرخی زەوییەکەیە.

ئەحمەد عەلی، خاوەنی پرۆژەی بازرگانی بازاڕی هاوچەرخ لە کەلار، دەڵێت: بازاڕەکەم لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە بنیاتنراوە لە سەر ڕوبەری ٣ هەزار و ٦١٨ مەتر دوجا، لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە وەرمگرتوە و تۆمارە بە ناوی خۆمەوە.

«پرۆژەکەم لە ساڵی ٢٠١١ مۆڵەتی وەرگرتوە و لەسەر ڕوبەری ١٠٠٠مەترە، هاوکات لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە وەرم گرتوە».

ئیدریس حسێن مستەفا، خ اوەنی ئوتێلی لەندەن ئای و کۆمپانیای نەدا بەیزا لە کەلار وا دەڵێت.

وتیشی: لەبەرامبەر وەرگرتنی ئەم پرۆژەیە هیچ بڕە پارەیەکم لێ وەرنەگیراوە، بەڵام ئێستا ئەگەر بتەوێت پرۆژەیەک وەربگریت ئەوە دەبێت پرۆژەیەک بۆ شارەوانی کەلار ئەنجام بدەیت.

لە بەرامبەردا، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان وتی: پرۆژە بازرگانیەکای وەبەرهێنان لە ڕوی ئیدارییەوە مەرجەعی سەرەکی ئێمە یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦ـە، بۆیە هەر داواکارییەک بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان بەتایبەت بازرگانی ڕاستەوخۆ بەو یاسایە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

وتیشی: پرۆژە بازرگانیەکانیش لە دوای وەرگرتنی داواکاری ڕاستەوخۆ و لە ٪٩٩ ئاراستەی شارەوانیەکان دەکرێت، چونکە لە سەنتەری شار و ناحیەکاندا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بەمەبەستی تەرخانکردنی زەوی، کە زەوی بۆ تەرخان کرا دواتر دێتەوە لای ئێمە و ڕێکارەکانی بۆ ئەنجام دەدەین تا دەگاتە وەرگرتنی مۆڵەت.

## ٣. تاپۆکردنی پرۆژەکان

پرۆژەکانی بازرگانی لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە تۆماردەکرێت بە ناوی خاوەن پرۆژەکانەوە ئەمەش جیاوازە لەو پرۆژانەی کە لە ڕێگەی موزایەدەوە دەدرێن بە کرێ.

ئەحمەد عەلی، خاوەنی پرۆژەی بازرگانی بازاڕی هاوچەرخ لە کەلار، دەڵێت: ئەو پرۆژانەی کە تاپۆن و لەسەرەتاوە کراوە یەکێکیان ئێمەبوین لەگەڵ کۆمەڵێک بینای دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەی وەبەرهێنان دوای ٥ ساڵ پەیوەندی بە وەبەرهێنانەوە نامێنێت وئەبێت بە تاکە کەسی و تاپۆ دەکرێت، ئەمەش بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

دەشڵێت: کاتی خۆی پێش ئەوەی دروست بکرێت بە یاسای ژمارە ٨٩ی وەبەرهێنان کرا کە ئەوکات دو ئیدارەی بو، لەگەڵ ئەوەش پارەی زەوییەکەت لێوەرئەگیرا، بەڵام بە یاسای ژمارە ٦ی وەبەرهێنان لە ٪٢٥ی بینا تەوا بکرێت ئەوکات زەوییەکە تاپۆ دەکرا، چونکە ئەوکات حکومەت تەکلیفی دەکرد پرۆژەی وەبەرهێنان بکرێت وەک ئێستا نەبو.

لەبارەی ئەو بڕە پارەیەی کە داویەتی بە حکومەت لە بەرامبەر زەویەکەیدا، ئەو وەبەرهێنەرە جەختی لەوەشکردەوە: نرخێکی کەم و ڕەمزی بو کە ناتوانم بیڵێم ئەویش ١٠ یەکی زەوییەکەیان وەرگرتوە، ئەوەشی نەیدابێت دەبێت ئێستا بیدات.

هاوکات، ئیدریس حەسەن مستەفا، خاوەنی ئوتێلی لەندەن ئای و کۆمپانیای نەدا بەیزا لە کەلار وتی: لە ساڵی ٢٠١٧ ئەمری ٤ بینا لە گەرمیان دەرچو بۆ تاپۆکردن یەکێکیان ئەمەی من بو، بەڵام تاوەکو ئێستا تاپۆنەکراوە و لە ڕێکاردایە، ئەوەی ماوەتەوە پارەدانەکەیەتی کە خۆی ئەدات لە ٤٠ ملیۆن دینار.

هاوکات، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان وتی: پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەتایبە بازرگانی لە پێش ساڵی ٢٠٢١ـەوە ئەو پرۆژانەی کە بونە هۆی بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری وڵات ئەوە تۆمار دەکران وەک هاندانێک بۆ وەبەرهێن پرۆژە ئەنجام بدات، بەڵام لە ئێستادا بەوشێوەیە نیە.

دەشڵێت: لە ٥ی ٥ی ٢٠٢١ـەوە ڕێنماییەک دەرچوە لە ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانەوە هەندێک ڕێکاری داناوە بۆ تاپۆکردنی پرۆژە بازرگانیەکان، لە یاسای وەبەرهێنانیش هاندانێک هەیە لە ئێستادا بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی کە پەراوێزبون لە پرۆژەی وەبەرهێان بەتایبەت بازرگانی گرنگیان پێ بدرێت، ئەویش کراون بە چەند زۆنێکەوە (A و BوC)، وەک گەرمیانیش قەزای کەلار Aیە قەزا و ناحیەکانی تر Cیە، ئەمەش وەک هاندانێکە بۆ ئەوە پرۆژەی زیاتر لەو سنورانە بکرێت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە زۆنی A پرۆژە بازرگانیەکان تاپۆکردنیان قورسە، چونکە پرۆژەیەکی ٢ هەزار مەتری و چەند نهۆمی تۆمار ناکرێت لە ئێستادا، بەڵام لە زۆنەکانی BوC ئەکرێت ئەمەش وەک هاندانێک وایە بۆ ئەو ناوچانە.

وتیشی: هاندانێکی دیکەش ئەوەیە ئەگەر پرۆژەیەک لە کەلار بکرێت کە ١ هەزار مەتر بێت و لە ٤ نهۆم کەمتر نەبێت لە ڕوی زەوییەوە و بای ١ ملیار دۆلار بێت بەپێی یاساکە، ئەمە بۆ ئەو زۆنەکانی تر بەو شێوەیە نیە و هەرچەند کەمتر بێت گرفت نابێت، ئەگەرچی بڕیاری تاپۆکردن لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە، بەڵکو لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانە.

## ٤. باجی سەر پرۆژە بازرگانییەکان

یەکێک لەو کێشانەی کە بازرگانان باسی لێوەدەکەن ئەو باجەیە کە لێیان وەردەگیرێت، وەکخۆیان دەڵێن لە دەستپێکەوە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەخشراون لە باج و هەندێکیشان دەڵێن ساڵانە باج بە حکومەت دەدەین.
ئیدریس حەسەن مستەفا، خاوەنی ئوتێلی لەندەن ئای و کۆمپانیای نەدا بەیزا لە کەلار وتی: بۆماوەی ١٠ ساڵ بەخشراوین لە دانی باج بە حکومەت لەو رۆژەوەی کە بینایەکە تەواو دەکرێت و رادەست دەکرێت، ئەوەی ئێمە لە ساڵی ٢٠١٥ تەواو بوە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٥ باج نادەین.
دەشڵێت: نازانم چەندێک بڕی باج وەردەگیرێت، چونکە لەگەڵ سەردەم دەگۆڕێت.
دۆخەکە بۆ ئەحمەد عەلی، خاوەنی پرۆژەی بازرگانی بازاڕی هاوچەرخ لە کەلار جیاوازە و دەڵێت: هاوکاری بۆ ئەو پرۆژانەی ئێمەمانان نیە و هیچ ئاسانکارییەکیان بۆ نەکردوین، بۆ نمونە دوکاندارم هەیە ٢ ساڵە کرێی نەداوە، حکومەتیش لەبەرامبەر ئەوە ساڵانە باجی کرێکەم لێ وەردەگرێت و هەمویم داوە، لە کاتێکدا من پارەم وەرنەگرتوە، کەچی لە بری ئەوەی هاوکارمان بن بونەتە هۆکاری ئەوەی کێشەمان بۆ دروست ئەکەن.
دەشڵێت: لە کاتی خۆیدا ئەو باجە نەدەین کە دیاریکراوە بۆمان، راستەوخۆ دەکەنە سەرمان، لەگەڵ ئەوەش هیچ ئاسانکارییەکمان بۆ نەکراوە لە هیچ دامودەزگایەک، بۆنمونە ئاسانکارییەکە ئەوەیە کە بەڕێوبەرایەتی باج بەتایبەت خانوبەرە نوسراو ئاراستەی دادگا بکەن بەوەی کە باجدەرێکی باشین و لە کاتی خۆیدا ئەیدەین بەپێی یاساش گرێبەست هەبو لە ماوەی ٣ مانگدا بابەتەکە چارەسەر دەکرێت، کەچی وا ٢ ساڵە دۆسیەمان لە دادگایە یەکلانەبوەتەوە.

لە بەرامبەردا، ئارام عادل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان، دەڵێت: بەپێی یاسای ژمارە ١٦٢ی ساڵی ١٩٥٢ی هەموارکراوی هەرێمی کوردستان، لە ٩٪ی کۆی داهاتی کرێی ساڵێکی ئەو موڵکەی کە دەدرێت بە کرێ بۆ حکومەت دەبێت، ئەمە چ بۆ پرۆژە بازرگانیەکان بێت لە رێگەی وەبەرهێنانەوەیە چ بۆ ئەو پرۆژانەش بێت کە بە موزایەدە دراوە بە بازرگان.
وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا هەر پرۆژەیەکی بازرگانی کە لە رێگەی وەبەرهێنانەوە بێت تاوەکو ١٠ ساڵ لێخۆشبونی هەیە بەپێی یاسا و رێنماییەکان، بەڵام بۆ پرۆژەکان نیە کە لە رێگەی بانەوانی «موساتەحە»وە دەکرێت.
جەختی لەوەشکردەوە: هەمو بازرگانەکان ساڵانە باج بە حکومەت دەدەن بە بەردەوامی.
لە بارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانیشەوە هێمای بۆ ئەوەکرد: پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە بازرگانین ٨٠٪یان تۆمارن بە ناو خاوەنەکانیانەوە و خودی کەسەکە باج ئەدات لە ناو وەبەرهێنان دەرچوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بازرگانێک ئەگەر باج نەدات لە کاتی خۆیدا لە ١٠٪ی ئەچێتە سەر بەپێی یاسا.
هاوکات، بابە عەلی محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان وتی: هیچ وەبەرهێنەر و بازرگانێک کاریان نایەتەوە لای ئێمە بۆ دانی باج، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە باجی پیشەیە کە وەری دەگرین، باجی موڵک بۆ ئێمە نیە و پەیوەندی بە ئێمەوە نیە پەیوەندی بە باجی خانوبەرەوەیە.
هاوکات، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان وتی: «بەپێی یاسا دیاریی و جێگیرکراوە کە ١٠ ساڵ وەبەرهێنەران بەخشراون لە دانی باج لە دەستپێکی پرۆژەکەیەوە، ئەمەش وەک هاندانێکە بۆ ئەوان.

## ٥. پرسی وەرگرتنی بەرتیل

پرسی بەرتیل وەرگرتن لە بازرگانان و وەبەرهێنەران یەکێکە لەو پرسانە بەبەردەوامی باسی لێوەدەکرێت، بەشێک لە بازرگانانیش جەخت لەوەدەکەنەوە کە روبەروی شتی لەوشێوەیە نەبونەتەوە.
ئەحمەد عەلی، خاوەنی پرۆژەی بازرگانی بازاڕی هاوچەرخ لە کەلار، دەڵێت: پرسی بەرتیل وەرگرتن ئێستا نابیستم هەبێت ئەگەرچی وەک خۆم روبەڕوی شتی وانەبومەتەوە، لەگەڵ ئەوەش نوێنەری زۆری بازرگانیم هیچ کەسێک نەهاتوە سکاڵا تۆمار بکات.
جەختی لەوەشکردەوە: ئەگەر هەشبوبێت خەڵک ترساوە باسی بکات بۆ ئەوەی کێشەی بۆ دروست نەبێت.
هاوکات، ئیدریس حەسەن مستەفا، خاوەنی ئوتێلی لەندەن ئای و کۆمپانیای نەدا بەیزا لە کەلار وتی: وەکو خۆم تاوەکو ئێستا پارەم نەداوە لەبەرامبەر راییکردنی مامەڵەکانم، دواکەوتنی ئیشی تۆمارکردنی پرۆژەکەشم هەر ئەو مەسەلەیە، چونکە لە ساڵی ٢٠١٧ـەوە ئەمری تاپۆکەم هەیە تاوەکو ئێستا تەواو نەبوە.
باسی لەوەشکرد: هەمو فەرمانگەکانیش ئاگاداری ئەوەن و دەزانن کە پارەم نەداوە.
لە بەرامبەردا، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان وتی: لەبارەی پرسی بەرتیلەوە هیچ شتێکی لەوبابەتە نیە تەمەنا دەکەم هەر نەبێت، چونکە شتێکی قێزەونە، ئەو بازرگانانەشی کە دەڵێن هەیە و بەشێوەی راستەوخۆ نیە ئەوە دەرگامان کراوەتەوە و دەتوانن دەستیان بگاتە هەمو شوێنێک بۆ چارەسەرکردنی.
وتیشی: تاوەکو ئێستا هیچ سکاڵایەکمان بۆنەهاتوە لەوبارەیەوە و هیچ شتێکی وامان نیە.

## ٦. گرفتی کارەبا

بازرگانان رەخنە ئاراستەی حکومەت دەکەن بەوەی کە مانگانە بڕێک پارەی زۆریان بۆ دێتەوە لەبەرامبەر ئەو کارەبایەی کە بەکاریدەهێنن، وەکخۆیان دەڵێن بۆ هەر یەکەیەک بڕی ١٥٦ دینار دیاریکراوە و ئەمەش گرانە لەسەرمان.

ئەحمەد عەلی، خاوەنی پرۆژەی بازرگانی بازاڕی هاوچەرخ لە کەلار دەڵێت: یەکێکی دیکە لەو کێشانە کە روبەرومان بوەتەوە پارەی کارەبایە کە دەیان جار سەردانی فەرمیمان کردوە و نوسراومان هاوردوە کە کارەبای ئەو دوکاندارانە ببڕن کە لە تەلارەکەمانن، بەڵام هیچ نەکراوە، کاتێکیش بەجێی دەهێڵن هەموی دەکەوێتە سەر شانی ئێمە.

باسی لەوەشکرد: پارەش کە دێتەوە بەگوێرەی خەرجکردنە، هەر یەکەیەکیش بە ١٥٦ دینارە، لە کاتێکدا حکومەتی خواروی عێراق بۆ هەر یەکەیەک بە ٥٠ دینار دیاری کردوە بۆ وەبەرهێنەرەکان بۆ ئەو پرۆژانە.

دەشڵێت: بۆماوەی ٢ مانگ جارێک زیاتر لە ٦ ملیۆن دینار دێتەوە کە گەشتە وەرزی گەرما دو بەرامبەر ئەبێتەوە، لە کاتێکدا زۆرترین کاتەکانیش کارەبای مۆلیدەیە، کەچی دوکاندار پارە نادات و هەموی کەوتوە بەسەر ئێمەدا.

جەختی لەوەشکردەوە: رەزامەندی بەڕێوبەرایەتی کارەبامان هێناوە کارەباکە ببڕن تاوەکو پاکتاوی بکەن، کەچی هیچ نەکراوە و ١٠٠ ملیۆن دیناریش لەسەرمان کەڵەکە بوە.

«دۆخی کارەبا خراپە و مانگانە بڕێکی زۆرمان بۆ دێتەوە، بەتایبەت هۆتێلەکەم ئەگەر موشتەری هەبێت زۆر سەرف ئەبێت بڕەکە زیاتر ئەبێت، بەڵام بۆ مۆبیلیاتەکەمان کەمتر کارەبا دەبات». ئیدریس حەسەن مستەفا، خاوەنی ئوتێلی لەندەن ئای و کۆمپانیای نەدا بەیزا لە کەلار، وای وت.

وتیشی: بۆ هەر مانگێکلە ١ ملیۆن بۆ ٢ ملیۆن و نیومان بۆ دێتەوە بەپێی خەرجکردنی یەکەی کارەبا.

لە بەرامبەردا، ئالان ئەرکان، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان دەڵێت: پرۆژە بازرگانیەکان کە پارەیان بۆ دێتەوە ئەکەوێتەوە سەر ئەو بڕەی کە بەکاری دەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پۆلی بازرگانی هەر یەکەیەک بە ١٥٦ دینار دیاری کراوە و جێگیرە و وەک پۆلی ماڵان نیە.

وتیشی: نوسراو کراوە بۆ کەمکردنەوەی ئەو نرخەی کە دانراوە بەتایبەت لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەڕین، ئایە حکومەت کەمی ئەکاتەوە ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمە و تەنانەت وەزارەتی کارەباش نیە، بەڵکو لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: جیاوازی نەکراوە لە نێوان ناوچەکان بۆ دیاریکردنی ئەو نرخە، ئامانجی نوسراوەکەش ئەوەیە وەک هاندانێکە بۆ ئەوەی پەرەی زیاتر بە پرۆژەی بازرگانی بدرێت بەتایبەت بۆ گەرمیان.



## ٧. ئاستەنگی لە راییکردنی مامەڵەکاندا

«لە ساڵانی پێشتر و لە سەردەمی ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٤ بەدوا زۆر هاوکاری دەکراین بە فەرمانگە و کارمەندانیشیەوە هیچ کێشە و گرفتێک نەبو، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ماوەی ساڵێکە بازرگانان و وەبەرهێنەران ئیشەکانیان بە باشی دەڕوات لە دامودەزگاکان و زۆر هاوکارن». ئەحمەد عەلی، خاوەنی پرۆژەی بازرگانی بازاڕی هاوچەرخ لە کەلار وا دەڵێت.
وتیشی: لە ئێستادا چاوسورکردنەوە و بەش بەشێنە نەماوە، وەک چەند ساڵی پێشتر نیە و دۆخەکە جیاواز بو.
ئیدریس حەسەن مستەفا، خاوەنی ئوتێلی لەندەن ئای و کۆمپانیای نەدا بەیزا لە کەلار وتی: ئاستەنگی لە راییکردنی مامەڵەکانمان رۆتیناتە، بەڵکو ئەوە نیە فەرمانبەرێک یان کەسێک کارەکەت بۆ نەکات، بە جۆرێک لەماوەی ساڵانی رابردو نوسخەیەکی تاپۆکردنی پرۆژەکەم نەنێردرابو بۆ سەرەوە بە نوسراوی فەرمی هاتەوە کە ٢ کۆپی بێت نەکرابو لەوێ دانەیەک رابکێشرێت بەوهۆیەوە ٣ مانگ مامەڵەکەم دواکەوت».
جەختی لەوەشکردەوە: بەشێوەیەکی گشتی ئیشوکار لە گەرمیان خراپ نیە.
هاوکات، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان وتی: ئاستەنگی بونی هەیە بەهۆی دۆخێکەوە، بەڵام بەمەبەست نیە، ئەمەش مایەی دڵخۆشیە، بەتایبەت وەبەرهێنان کە بۆ ناوچەی گەرمیان بابەتێکی نوێیە.
وتیشی: پرۆژەکانی وەبەرهێنانیش تەبیعەتی وایە پێویستی بە کاتی زۆرە و زۆریشی پێ ئەچێت.

## ٨. لەبەرامبەر پێدانی زەوییەکان پارە لە بازرگانان وەردەگیرێت

«لەبەرامبەر ئەو زەویەی کە پێمدراوە پارەم لێ وەرئەگیرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا لێم وەرنەگیراوە هەتا تاپۆ دەکرێت، ئەوەشی کە وەر ئەگیرێت بۆ هەر ساڵێک ٦ ملیۆن و ٥٠٠ هەزارە وەک کرێی بانەوانی ئەیدەم بە وەبەرهێنان»، ئیدریس حەسەن مستەفا، خاوەنی ئوتێلی لەندەن ئای و کۆمپانیای نەدا بەیزا لە کەلار وای وت.
وتیشی: واتە لە ساڵی ٢٠١١ تاوەکو تۆمار دەکرێت کە ساڵێکی ماوە بە کۆی گشتی دەکاتە نزیکەی ٨٥ ملیۆن دینارێک، ئەمە جگە لە ئەو ٤٠ ملیۆن دینارەی کە بۆ تاپۆکردنەکەی لێم وەردەگیرێت.
لە بەرامبەردا، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان وتی: پێش بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٢١ هەر پرۆژەیەکی بازرگانی بدرایە بە وەبەرهێنێک ئەوە نرخی راستەقینەی زەویەکەی لە ١٠٪ بوە، بۆ نمونە هەر مەترێک بە ١٠٠ دۆلار بوایە ئەوە ١٠ دۆلاری ئەکرد، هاوکات ئەو برەش لێکدانی ٠,٠٨ دەکرا دەیکردە کەمتر لە دۆلارێک، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە.
وتیشی: بەپێی رێنماییەکانی ساڵی ٢٠٢١ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەتایبەت بازرگانی دەبێت ئەو رێژەیە بەرزکراوەتەوە بۆ ٢٠٪ ئەمەش بەهۆی ئەوەی وەبەرهێن رو لە کەرتەکانی تری وەک کشتوکاڵی و پیشەسازی بکات بۆ ئەوەی پرۆژە ئەنجام بدات.
دەشڵێت: ئەگەر زەوییەک ١ هەزار مەتر بێت و بۆ هەر مەترێکیش ١٠٠ دۆلار بێت ئەوە لە ٢٠٪ی بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە تۆمار کرا ٢٠٪ی نرخی زەویەکەی لێوەردەگیرێت.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەمە جگە لەوەی لە ١٪ی کۆی گوژمەی پرۆژەکەی لێوەردەگیرێت و دەخرێتە سەر حساب بانکیەکی حکومی، بۆنمونە ئەگەر پرۆژەکە بای ١ ملیار دۆلار بێت لە ١٪ی بۆ حکومەت ئەبێت.
وتیشی: خەمڵاندنی زەوی پرۆژە بازرگانیەکان لەلای وەبەرهێنانەوە دەکرێت، بەڵام بەتەنها نین، بەڵکو نوێنەری بەڕێوبەرایەتیەکانی تایبەت بە باجەکان بونیان هەیە لە لیژنەکەدا لەگەڵ شارەوانی ئەوکات بڕیار لەسەر نرخی زەویەکە دەدرێت کە لیژنەیەکی ٧ کەسین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نرخەش ئەبێتە بنەمایەک بۆ وەرگرتنی تاپۆکردنی.

## ٩. بازرگانان: هاوکاریی ناکرێین

«هاوکاری بۆ ئەو پرۆژانەی ئێمە مانان نیە و هیچ ئاسانکارییەکیان بۆ نەکردوین، بۆ نمونە دوکاندارم هەیە ٢ ساڵە کرێی نەداوە حکومەتیش لەبەرامبەر ئەوە ساڵانە باجی کرێکەم لێ وەردەگرێت و هەمویم داوە لە کاتێکدا من پارەم وەرنەگرتوە، کەچی لە بری ئەوەی هاوکارمان بن بونەتە هۆکاری ئەوەی کێشەمان بۆ دروست ئەکەن». ئەحمەد عەلی، خاوەنی پرۆژەی بازرگانی بازاڕی هاوچەرخ لە کەلار وا دەڵێت.
لەبەرامبەردا، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان وتی: ئێمە بەبەردەوامی هاوکاری بازرگانیان بوین و پشتگیریان دەکەین ئەمەش یاساکە پێمان دەڵێت پارێزەری وەبەرهێنەران بین، تەنانەت لە رێکارە ئیدارییەکانیش تەداخولمان مردوە بۆ ئەوەی کارەکانیان بە زوترین کات بۆیان رای بکرێت».
هاوکات، ئارام عادل، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان، جەختی لەوەکردەوە: هاوکارێکی زۆری بازرگانەکانین.

## ١٠. کێشەی دەستەبەریی کرێکاران

بازرگانان باس لەوەدەکەن لەگەڵ دەستپێکی پرۆژەکانیان دەستەبەرییان کردوە و مانگانەش ئەو برە پارەی کە بەپێی یاسا بۆیان دیاریکراوە دەیدەن بە حکومەت.
ئیدریس حەسەن مستەفا، خاوەنی ئوتێلی لەندەن ئای و کۆمپانیای نەدا بەیزا لە کەلار وتی: دەستەبەریم کردوە لە ساڵی ٢٠١٥ـەوە، پێشتر زۆر ماندویان ئەکردین، چونکە لێرە نەبو لە سلێمانی بو، بۆ ماوەیەکیش دەستەبەریەکەم نەدابو کاتێکم زانی ٣٨ ملیۆنم هاتوەتە سەر، بەڵام ئێستا کە لێرەیە مانگانە دەیدەین.
وتیشی: ئێستا ٦ کرێکارم هەیە، پێشتر زۆر بون و بۆ هەر یەکێکیان مانگانە ٥٩ هەزار دینار دەدەم بە دەستەبەریی.
«دەستەبەریم کردوە لە ساڵی ٢٠١١ەوە و هیچ کێشەیەکمان نیە، ٢ کرێکاری بیانیم هەیە دەستەبەرییان بۆ کراوە و مانگانە لە ١٧٪ی کۆی موچەکەی ئەدەم بە حکومەت بەپێی ئەو گرێبەستەی کە هەیە«. ئەحمەد عەلی، خاوەنی پرۆژەی بازرگانی بازاڕی هاوچەرخ لە کەلار وا دەڵێت.
وتیشی: ئەمەش لە کاتێکدایە هیچ برە پارەیەکیش بۆ کرێکارەکانم نەگەڕاوەتەوە و تائێستاش سودمەند نەبون لەو برە پارەیە.
لە بەرامبەردا، هێمن جەمال، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان وتی: هەر شوێنکارێک بەپێی یاسای دەستەبەری بیگرێتەوە دەستەبەری بۆ ئەکرێت، ئیتر ئێمە هەقمان بەوە نیە بازرگانیە یان وەبەرهێنانە یان هەر تایپێکی دیکەیە.
وتیشی: یەکێک لەو کێشانەی کە روبەروی ئێمە ئەبێتەوە هەر پرۆژەیەک کە دەدرێت بە وەبەرهێنێک یان بازرگانێک بە نوسراوی فەرمی ئێمە ئاگادار ناکرێینەوە، لەکاتێکدا دبێت ئەوە هەبێت بۆ ئەوەی بزانین کە ئەو کۆمپانیایە ئیش ئەکات چەند کرێکاری هەیە و دەستەبەری بۆ بکەین.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: هەر شوێنکارێک بازرگانی بێت یان وەبەرهێنان بەرهەڵستی بکات لە پێدانی زانیاری بۆ دەستەبەریی، بەپێی یاسای ژمارە ٣٩ی ساڵی ـ١٩٧١ی عێراقی هەموارکراوی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٢ی پەرلەمانی کوردستان، لایەنی فەرمی ئاگاداردەکەینەوە ئەگەر هەر بەدەم داواکە نەهات ئەوە لە رێگەی دادگای کارەوە بە راپۆرتی خۆمان ناچاری دەکەین زانیاریمان بداتێ و دەستەبەری بکەن.
لەبارەی ئەوەی ئەو شوێنکارانەی کە دەستەبەرییان بۆ کراوە، چەندی بازرگانیە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان وتی: شوێنکارەکانمان جیانەکردوەتەوە و هەموی بە تێکەڵی وەرگیراوە، سیستەمێکیش نیە بۆ جیاکردنەوەیان.



## ١١. بازرگانان: دۆسیەکانمان لە دادگا یەکلا نابێتەوە

بازرگانێـک جەخـت لەوەدەکاتەوە کە دۆسـیەکانیان لە دادگا بـە ئاسـانی یـەکلا نابێتەوە و وەکخۆی دەڵێت: دۆسـیە هەیە بۆ ماوەی زیاتر لە ٢ سـاڵە تاوەکو ئێسـتا یەکلا نەبوەتەوە.
ئەحمـەد عەلی، خاوەنـی پرۆژەی بازرگانی بـازاڕی هاوچەرخ لـە کـەلار دەڵێت: دۆسـیەکانمان لە دادگا یـەکلا نابێتەوە بە جۆرێـک دۆسـیەم هەیە بۆ ماوەی ٢ سـاڵ زیاتـرە لە دادگایە یەکلانەبوەتەوە کـە تایبەت بەوەی دوکاندا کرێ نادات.
وتیشـی: بەپێـی یاسـاش گرێبەسـت هەیـە لـە نێوانمان کە دەبێـت لـە ماوەی ٣ مانگـدا بابەتەکە یـەکلا ببێتەوە، کەچی بەوشـێوەیە نیە، دۆخەکەش لە سنوری گەرمیان زیاترە کەچی لـە ناوچەکانـی خـواروی عێـراق و هەولێریش زۆر بـڕوات لە مـاوەی ٤ مانگدا یەکلا دەبێتەوە.
هێمای بۆ ئەوەشـکرد: بازاڕەکەی من دوکانەکانی ژێر زەمینی تەنها ٤ کەسێک کرێ دەدات زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دینارم لەلای دوکاندارەکانـە و نایدەنـەوە، لـە کاتێکدا گرێبەسـتی فەرمی هەیە بۆ ئـەو بابەتە لە نێوانماندا.
لە بەرامبەردا، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانـی گەرمیـان وتی: ئەو دۆسـیانەی کـە لە دادگان بـۆ هـەر بابەتێکی وەبەرهێنـان بێت ئێمـە ناتوانین تەداخول بکەین، لەگەڵ ئەوەشـدا لە دادگا کەسـی سـێیەمین و دەبێت رای راشـکاوی خۆمـان هەبێـت، بـەڵام بڕیـاری یەکلاکەرەوە لەلای دادگایە.

## ١٢. پرۆژە وەبەرهێنانەکان ٪٢٠ی داهاتەکەی بۆ شارەوانیە

ئەکرەم سـاڵح، سـەرۆکی شـارەوانی کەلار، باسی لەوەکرد: بەپێـی یاسـا و رێنماییـەکان هەر زەوییەک کـە دەدرێت بە پـرۆژەی وەبەرهێنـان بـە شـێوەی بازرگانـی لە سـەنتەری شـاردا، لە ٪٢٠ـی داهاتی ئەو پرۆژەیە بۆ شارەوانی دەبێت کە کرێی موڵکەکەیە.
وتیشـی: بەتایبـەت ئەو پرۆژانەی کە لـە رێگەی موزایەدەی وەبەرهێنانـەوە دەکرێـت و دەدرێت بە کـرێ، ئەبێت لە ٪٢٠ ـی کۆی داهاتەکەی بۆ شـارەوانی بێت، ئەمـە جگە لەوەی کە موڵکەکە تۆمار دەکرێت لە ٪٢٠ـی بۆ شـارەوانی دەبێت ئەو پـارەی کە دەدرێت بە تۆمارکردنەکەی.
دۆخەکە بۆ قەزای کفری جیاوازە، چونکە پرۆژەی وەبەرهێنانی تێدانیە تاوەکو ئـەو رێژە داهاتەی بۆ بگەڕێتەوە.
عەلی خورشـید، سەرۆکی شـارەوانی کفری دەڵێت: پرۆژەی وەبەرهێنانمـان نیـە لـە ئێسـتادا تەنهـا ١ پرۆژەمـان هەیە ئەوەی نیشـتەجێبون کە ئەمەش وەسـتاوە، بۆیە لە ٪٢٠ـی داهاتی پرۆژەکانـی وەبەرهێنان ئێمە نیمانە.
باسـی لەوەشکرد: لە ئێسـتادا بەدوا لە پلانماندایە کۆمەڵێک پـرۆژەی وەبەرهێنـان لـە سـنورەکە ئەنجـام بدرێـت کە لە ٪٨٠ـی رێکارەکانی بڕیوە ئەو پرۆژانـە و وەبەرهێنان کاری لەسەر بکات.
لـە بەرامبـەردا، هونـەر مەحمـود، بەڕێوبـەری گشـتی بەڕێوبەرایەتـی وەبەرهێنانـی گەرمیـان وتـی: لـەو بـڕە داهاتـەی کە لـە ٪٢٠ بۆ وەبەرهێنـان دەگەڕێتەوە لە پرۆژە بازرگانیەکان، لەو داهاتەش لە ٪٢٠ـی بۆ شارەوانی دەبێت.
وتیشـی: بـۆ قـەزای کفریـش لـە ئێسـتادا ٢١ پارچە زەوی تەرخانکـراوە بـۆ ئەنجامدانـی پرۆژەی وەبەرهێنـان، بۆ ئەو مەبەسـتەش گشـتاندنمان کـردوە بـۆ تـەواوی کوردسـتان بۆئـەوەی وەبەرهێـن بێت و پرۆژە ئەنجام بـدات، ئەمە جگە لـەوەی لـە ناحیەکانیـش داواکاری هەیە بەتایبـەت ناحیەی رزگاری.

## ١٣. پرۆژەکان سەرپەرشتیاری ژینگەییان بۆ دادەنرێت

حکومەت هەنگاوێکی نوێی ناوە لە بارەی پاراسـتنی ژینگەوە، بـەوەی دەبێـت لـە پـرۆژە بازرگانیەکانـدا سەرپەرشـتیاری ژینگەیی دابنرێت.
دورەیـد سـەلیم، بەڕێوبـەری فەرمانگـەی ژینگـەی گەرمیان، وتـی: ئەمە رێنماییە و لە وەقایعی کوردسـتان بڵاوبوەتەوە و لە تەواوی کوردسـتان ئەو بڕیـارە جێبەجێ کراوە، کە دەبێت سەرپەرشـتیاری ژینگەیـی لـە نێو ئـەو پـرۆژە بازرگانیانەدا هەبن کـە کاریگەری ژینگەییان هەیە.
دەشـڵێت: هاوکات رێنماییەکی تایبەتمان هەیە کە جیاوازی لە نێـو پـرۆژەکان کردوە و پۆلێنی کـردون، بەجۆرێک پرۆژەمان هەیـە لە پۆلێنی (ا) و پرۆژەشـمان هەیە لـە پۆلێنی (ب) و هەشمانە لە پۆلێنی (ج)ـە.
هێمای بۆ ئەوەشـکرد: ئەو پرۆژانەی کە گەورەن و کاریگەریی زۆریان لەسـەر ژینگە دەبێت، سەرپەرشـتیاریان بۆ دادەنرێت.
جەختی لەوەشـکردەوە: هاوکات رێنماییەکـی تایبەتمان هەیە بـۆ بابەتـی ئیجرائاتکردن، ئەگـەر بڕیارەکـە جێبەجێ نەکات دوای هەندێـک رێکار ئـەوە دەچێتـە بـواری غەرامەکردنەوە تاوەکـو داخسـتن، ئەمەش قۆناغ بە قۆنـاغ دەڕوات، تەنانەت ئەگاتە ئاسـتی وەرگرتنـی رەزامەندی ژینگەیی بۆ پرۆژەکە.

## دوەم: پرۆژە بازرگانییەکان لە ڕێگەی شارەوانیەکانەوە

### ١. ژمارەی پرۆژەکان

پـرۆژە بازرگانیەکان لە ڕێگەی شـارەوانیەکانەوە بـە زیادکردنی «موزایەدەی» ئاشکرا دەبێت، ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە ١ـــی سـالّی ٢٠٢١ـــی بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت. جیاوازی ئەم پرۆژانــە لەگــەڵ وەبەرهێنــان ئەوەیــە تۆمار ناکرێــن و دوای ئەو ماوەیەی کە بۆی دیاریکراوە و گرێبەستەکەی بە کۆتا هات، ئەوە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت و بۆ جارێکی دیکە دەتوانرێت موزایەدەی بۆ بکرێتەوە.

بەپێی ئامارێک لە قەزای کەلار ١٥٠٠ پرۆژەی بازرگانی لە سێکتەرە جیاوازەکان لە ڕێگەی موزایەدەوە دراوە بە بازرگانان.

بـەڵام دۆخەکە بـۆ ناحیەی ڕزگاری و ناحیــەی باوەنور جیاوازە، لەوێ زیاتر دوکان و هەندێک شوێنکار دراون بە کرێ.

**پرۆژە بازرگانییەکان کە لەلایەن شارەوانی کەلارەوە بەکرێدراون**

| جۆری پرۆژە | ژمارە | کرێی ساڵانە |
|---|---|---|
| شوشتنگەی ئۆتۆمبێل و گەراج | 19 | 191ملیۆن و 255هەزار دینار |
| کۆگای بازرگانی | 12 | 106ملیۆن و 580هەزار |
| پێشانگای ئۆتۆمبێل | 34 | 578ملیۆن و 787هەزار دینار |
| بەنزینخانە | 6 | 658ملیۆن و 700هەزاردینار |
| یاریگای وەرزشی و یاری چوپی منداڵان | 12 | 95ملیۆن و 536هەزار دینار |
| تەلاری بازرگانی | 8 | 568ملیۆن و 600هەزار دینار |
| دوکان و چێشتخانە و دوکانی پیشەوەریی و کابینە | 16 | 103 ملیۆن و 564هەزار دینار |

## ٢. پرۆژەکان لە ڕێگەی زیادکردنەوەیە

پرۆژە بازرگانیەکان لە ڕێگەی شارەوانیەکانەوە بە زیادکردن «موزایەدە» دەدرێن، پێدانەکەش تاهەتایی نییە و بۆ ماوەیەکی دیارییکراوە کە ئەوپەڕی ٢٥ ساڵە.

محەمەد ئەحمەد، خاونی کۆمەڵگەی کەلاری گەشتیاری لە قەزای کەلار وتی: ئەم پرۆژەیە بە موزایەدە وەرمانگرتوە بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٣٤، گرێبەستمان لەگەڵ شارەوانیدا هەیە ساڵانە ٣١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزاریان پێ دەدەین.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئێمە بە ٢٥ ملیۆن کاتی خۆی گرێبەستمان بۆ کرا، دواتر بەشێکی لەلای شەریکەکەمان بو کڕیمانەوە لەکاتی تۆمارکردنی بە ناومەوە لە ٪٢٠ چوە سەری بۆیە بو بە ٣١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار.

وتیشی: ڕوبەری پرۆژەکەش کە کۆمەڵگەیەکی گەشتیارییە، خۆی لە زیاتر لە ٢٧ دۆنم دەبینێتەوە.

هاوکات، کاروان وەلی غەفور، خاوەنی پرۆژەی بازاڕی بێشکان لە قەزای کەلار باسی لەوەکرد: ئەگەر قسە لەسەر بینا نوێیەکەمان بکەین کە بینا یەکێتی مامۆستایان بو لە ناو بازاڕ، گرێبەستمان کردوە لەگەڵ شارەوانیدا و لە ڕێگەی موزایەدەوە وەرمان گرتوە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ.

وتیشی: ساڵانە نزیکەی ٢١ ملیۆن دینار دەدەین بە حکومەت لە ڕێگەی موزایەدەوە کە بۆمان دەرچوە و پێشبڕکێمان کردوە، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین پرۆژەی دیکەی بازرگانیمان هەیە لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە.

«بۆماوەی ٢٠ ساڵ گرێبەستمان هەیە لەگەڵ شارەوانی کە بۆ ماوەی ١٥ ساڵە بەدەستمانەوەیە، پرۆژەکەش خۆی دەبنێتەوە لە ٤٨ دۆنم زەوی کە پارکی کفرییە«. دلێرمحەمەد ساڵح، خاوەنی پرۆژەی شاری یاری قەزای کفری وای وت.

وتیشی: ساڵانەش گرێبەستمان هەیە لەگەڵ شارەوانی و بۆ هەر ساڵێک نزیکەی ٧ ملیۆن دینار دەدەین بە حکومەت وەک کرێ، لە کاتێکدا ئێمە لەم پرۆژەیەدا زیان دەکەین و شارەکە هیچ جوڵەیەکی تێدا نیە.

دەشڵێت: لە کاتێکدا ئەم پرۆژەیە ٥٠ بۆ ٦٠ دەفتەر دۆلاری تێچوە و هاوشێوەی شاری یاری کەلار دروستکراوە بەبێ کەموکورتی، کەچی شارەکە مردوە و هیچ جوڵەیەکی تێدانیە وەک شارەکانی تری کوردستان و گەرمیان.

لە بەرامبەردا، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری دەڵێت: ئەو پرۆژانەی کە توشی زیان بون دەتوانن داواکارییەک پێشکەش بکەن بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەیان ئێمەش ئاراستەی سەروی خۆمانی دەکەین، چونکە لە دەسەڵاتی وەزارەتی شارەوانیدایە، ئەگەرچی بەو ڕادەیەش نیە کە باسی لێوەدەکرێت.

هاوکات، حەسەن عەلی محەمەد، خاوەنی پرۆژەی کۆگای کشتوکاڵی حەسەن لە قەزای کفری وتی: کۆگاکەی ئێمە ١٧٠٠ مەترە و لە ڕێگەی موزایەدەوە بۆم دەرچوە لە ڕێگەی شارەوانیەوە بۆ ماوەی ١٩ ساڵ، کە لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە دەستمپێکردوە.

دەشڵێت: بەپێی ئەو گرێبەستەشی کە هەیە، ساڵانە بڕی ١ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دینار دەدەم بە حکومەت، لە کاتێکدا ٣ ساڵ جارێک بڕی ٥٠ هەزار دیناری دەڕواتە سەر ناشزانم بۆچیە.

باسی لەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ماوەی ساڵێکە ئیشکەم ڕاگرتوە لە کاتێکدا ئامێری تایبەتم بە پرۆژەکەم هێناوە لە دەرەوە کە تایبەت بە بابەتی کشتوکاڵی وەک پەین و ئاڵف، چونکە ئەگەر من تەنێکی بدەم بە ٢٠٠ دۆلار ئەوە لە دەرەوە هاوردەی دەکەن کەسانی تر ئەیدەن بە ١٢٠ دۆلار، ئەمەش وایکردوە توشی زیان ببم و هیچ چاودێرییەک نیە.

بەشێک لە بازرگانەکان بەتایبەت ئەوانەی کە لە بواری بابەتی کشتوکاڵی کاردەکەن زەوی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن کۆگای لەسەر دروست بکەن، بەڵام لە ڕێگەی شارەوانی و لایەنە پەیوەندیارەکان ڕێگەیان پێنەدراوە، بەڵام ئێستا دۆخەکە بەپێچەوانەوەیە، وەک حەسەن عەلی محەمەد دەڵێت: پێشتر نەیانهێشتوە بەڵام ئێستا ٢٥ وەرەقە بدە و بەبێ کێشە دروستی دەکەی، کەچی بۆ سەردەمی من هەر دەوترا تەنها لە ڕێگەی موزایەدەوە ئەوە دەکرێت.

لە بەرامبەردا، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار باسی لەوەکرد: ئەو پرۆژانەی کە بازرگانین و لە ڕێگەی شارەوانیەوە بە کرێدانی بۆ ئەکەین ئەمەش لە ڕێگەی یاسا و ڕێنماییەکانەوەیە بەپێی ئەو نەخشە و پلانەی کە لە شاردا لە بەردەستماندایە، ئەمەش لە ڕێگەی زەویوزارەوە ئامادە دەکرێت کە ئەو پرۆژەیەی دەدرێت بە کرێ بۆ چ سێکتەرێک و بوارێک گونجاوە.

وتیشی: ئەمەش لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە دەبێت بەپێی یاسی ژمارە ١ـی ساڵی ٢٠٢١ کە یاسای بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەتە، هاوکات بە بڕیاری ٦٤ کە تایبەتە بە پیشە بۆ نمونە هاوڵاتیەک دەیەوێت دوکانێکی پیشەوەری بکاتەوە ئەمەش بە کرێدانی بۆ دەکرێت.

هاوکات، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری دەڵێت: بەپێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتمان پرۆژەکانی شارەوانی کە بازرگانین لە ڕێگەی موزایەدەوە دەدرێن بە بازرگانان، ئەمەش بەپێی یاسا ماوەکەی دیاری دەکرێت لە ٢ ساڵەوە تاوەکو ٢٠ ساڵی تێدایە، موزایەدەکانیش لە ڕێگەی لیژنەوە دەکرێت کە نوێنەری لایەنەکانی تێدایە بە داواکاری گشتیەوە.

وتیشی: بەپێی ئەو گرێبەستەی کە دەکرێت و ئەو کەسەی پرۆژەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت ساڵانە کرێی زەوییەکە بدات بە حکومەت بەپێی ئەو خەمڵاندنەی کە بۆ زەویەکە دەکرێت.

ئەمە جگە لەوەی کە ٣ ساڵ جارێک بەپێی بارودۆخ و یاساش خەمڵاندن بۆ ئەو زەوییە دەکرێتەوە کە دراوە بەکرێ کە نرخی کرێی ساڵانەکەی زیاد بکرێت یان کەمبکرێت، ئەمەش بەپێی وتەی سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری.

## ٣. باجدانی ساڵانەی پرۆژەکان

بازرگانان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ساڵانە باج بە حکومەت دەدەن و ئەو برە باجەشی کە بۆیان دیاریکراوە رێژەکەی زۆرە و رەخنەی بازرگانانی بەدوای خۆیدا هێناوە.
محەمەد ئەحمەد، خاونی کۆمەڵگەی کەلاری گەشتیاری لە قەزای کەلار وتی: ساڵانە باج بە حکومەت دەدەین بە گوێرەی شوێنەکەمان کە خۆی لە چێشتخانە و مەلەوانگە و پارکەکە دەبینێتەوە، باجەکەش لە ٩ ملیۆن بۆ ١٢ ملیۆن دینارە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لەم وڵاتەی ئێمەدا ساڵانە باج زیاد ئەکات لە بری ئەوەی کەم بکرێتەوە، پێشتر بۆ هەر ساڵێک ٦ ملیۆن دینارم داوە کەچی ئێستا دەگاتە ١٢ ملیۆن دینار، بۆیە ئێمە هەر بۆ حکومەت ئیش دەکەین.
«لەو بینا نوێیەی کە گرتومانە هێشتا نەگەشتوینەتە باجدان، چونکە لە بونیادنانی بیناکەین و هێشتا تەواو نەبوین، بەڵام بۆ پرۆژەکانی دیکەمان ساڵانە باج دەدەین بە بەردەوامی بە جۆرێک بە هەموبانەوە کە ژمارەیان ٨ پرۆژەیە ساڵانە نزیکەی ٥٠ ملیۆن دینار باج ئەدەین». کاروان وەلی غەفور، خاوەنی پرۆژەی بازاڕی بێشکان لە قەزای کەلار وای وت.
دەشڵێت: باجی هەریەکێکیان بە جۆرێکە لە ٢ ملیۆن دینارەوە دەستپێدەکات.
بە پێچەوانەوە، دلێرمحەمەد ساڵح، خاوەنی پرۆژەی شاری یاری قەزای کفری باسی لەوەکرد: لە ئێستادا ئێمە باج نادەین بەهۆی ئەوەی کە پرۆژەکە لە زیان دایە، بەڵام دوکانی ترمان هەیە کە لە حکومەت وەرمانگرتوە و ساڵانە بەپێی جۆرەکەی باجی جیاواز دەدەین.
بەڕێوبەری باجی خانوبەرەی گەرمیان لەبەرامبەردا دەڵێت: هاوکاری بازرگانان بوین و ئەو برە باجەشی بۆیان دیاریکراوە زۆر نیە.
ئارام عادل، وتیشی: بەپێی یاسای ژمارە ١٦٢ی ساڵی ١٩٥٢ی هەموارکراوی کوردستان، لە ٪٩ی کۆی داهاتی کرێی ساڵێکی ئەو موڵکەی کە دەدرێت بە کرێ بۆ حکومەت دەبێت، ئەمە چ بۆ پرۆژە بازرگانیەکان بێت لە رێگەی وەبەرهێنانەوەیە چ بۆ ئەو پرۆژانەش بێت کە بە موزایەدە دراوە بە بازرگان.
وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا هەر پرۆژەیەکی بازرگانی کە لە رێگەی وەبەرهێنانەوە بێت تاوەکو ١٠ ساڵ لێخۆشبونی هەیە بەپێی یاسا و رێنماییەکان، بەڵام بۆ پرۆژەکان نیە کە لە رێگەی موساتەحەوە دەکرێت.
دەشڵێت: هاوکات ئەو مۆڵکانەی کە دەدرێت بە کرێ بەپێی یاسای ژمارە ٨٧ی ساڵی ١٩٧٩ کە تایبەتە بە کرێدانی خانوبەرە کاری پێدەکرێت لە نێوان کرێچی و خاوەن موڵکدا.
جەختی لەوەشکردەوە: هاوکارێکی زۆری بازرگانەکانین بەتایبەت ئەوانەی کە لە رێگەی موزایەدەوە پرۆژەکانیان وەرگرتوە چونکە دوای ٢٥ ساڵ هەر دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت.
هاوکات، بابە عەلی محەمەد، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی دەرامەتی گەرمیان، جەختی لەوە کردەوە کە هیچ باجێکیان لەسەر بازرگانەکان بەهۆی پرۆژەکانیانەوە نییە، چونکە کاری ئەوان پەیوەستە بە پیشە نەک بینا و پرۆژەوە.

## ٤. پرسی دەستەبەریی بۆ کرێکاران

دەستەبەریکردن بۆ شوێنکار و کرێکاران لە پرۆژە بازرگانیەکان بەپێی وتەی بازرگانان کراوە و بەبەردەوامیش دەستەبەرییان داوە بە حکومەت.
محەمەد ئەحمەد، خاونی کۆمەڵگەی کەلاری گەشتیاری لە قەزای کەلار وتی: بۆماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە دەستەبەریمان کردوە بۆ کرێکارەکانمان، بە جۆرێک بۆ هەر کرێکارێک نابێت موچەکەی لە ٣٠٠ هەزار کەمتر بێت و ٥٩ هەزار دینار وەک دەستەبەری دەدەین بە حکومەت، بە کۆی پرۆژەکەشمانەوە ٣٠ بۆ ٣٥ کرێکارمان هەیە.
وتیشی: بۆماوەی چەند ساڵێک دەستەبەریمان نەدا بەهۆی ئەوەی لە سلێمانی بو لێرە نەبو پار ساڵ ٢٤ ملیۆن دینارمان لێوەرگیراوە، بەڵام ئێستا لێرەیە و مانگانە بۆیان دەبەین.
هاوکات، کاروان وەلی غەفور، خاوەنی پرۆژەی بازاڕی بێشکان لە قەزای کەلار باسی لەوەکرد: ٨ بینای بازرگانیمان هەیە و بۆ هەمویان دەستەبەری کۆمەڵایەتیمان کردوە.
دلێر محەمەد ساڵح، خاوەنی پرۆژەی شاری یاری قەزای کفری باسی لەوەکرد: یەکێکی تر لە گرفتەکان دەستەبەری کۆمەڵایەتیە کە بۆ کرێکاران دەکرێت و باجێکی ترە لێمانی وەردەگرن، لە کاتێکدا من شاگردەکانم کوڕی خۆمن و کەمترین کرێکارم لەلا هەیە.
وتیشی: دەستەبەریمان کردوە بۆ ئەو کرێکارانەی کە لەلامان هەن و هەر لە ٪١٧کەش خۆم پارەکەی دەدەم، کرێکار رۆژانەکەی هێندە نیە ئەو برە پارەیە بدات کە بۆی دیاریکراوە.
لە بەرامبەردا، هێمن جەمال، بەڕێوبەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی گەرمیان وتی: هەمو شوێنکارێک کە کرێکار کاری تێدا بکات دەستەبەریی بۆ کرێکارەکانی دەکرێت، پرۆژو بازرگانیەکانیش بە هەردو بەشەکەیە، بەهەمانشێوە دەستەبەریی بۆ دەکرێت.
هاوکات ئامارێکی لەبارەی ژمارەی دۆسیەکانی ئەو پرۆژانەوە نەخستەڕو، بەوهۆیەی لەلایان جیا نەکراوەتەوە لەسەر بنەمای جۆری پرۆژەکان.

## ٥. گرفتی کارەبا

«یەکێکی تر لە کێشەکانمان پارەی کارەبایە کە بۆ تەنها ٦ مانگ ٨٥ ملیـۆن دینارمـان بۆ هاتوەتەوە، ئێسـتاش مانگانە ٥ ملیۆن دینـار ئەدەیـن لەولاوە ١٠ ملیۆنی دێتە سـەر بەهۆی ئەم پێوەرە زیرەکەی کە هەیە« . محەمەد ئەحمەد، خاونی کۆمەڵگەی کەلاری گەشتیاری لە قەزای کەلار وای وت.

دەشڵێت: بەدوایدا رۆشتوین پێیان وتوین کە لە دەسەڵاتی ئەماندا نیە و لە هەولێرە، بۆیە ئێمە هەر بۆ حکومەت ئیش ئەکەین.

هاوکات، دلێرمحەمەد سـالح، خاوەنی پرۆژەی شاری یاری قەزای کفری باسی لەوەکرد: یەکێک لەو کێشانەی کە روبەڕومان بوەتەوە کێشەی کارەبایە کە زۆرمان بۆ دێتەوە، ئەم پرۆژەی من ١ کەسی تێدا بێت و ١٠٠ کەسـی تێدا بێت هەر ئەبێت کارەباکەی کاربکات بەردەوام.

دەشڵێت: ئەگەر بەردەوام کارەباکە کاری پێبکەین بۆ هەر مانگێک نزیکەی ٤ ملیۆن دینارمان بۆ دێتەوە.

«پـارەی کارەبامـان زۆر بۆ دێتەوە جاری واهەیە بۆ هەر ٣ مانگ جارێک ٦٠٠ بۆ ٧٠٠ هەزار دینارم بۆ دێتەوە، ئەمەش برێکی زۆرە بۆ پرۆژەیەکی وەک ئەوەی من» . حەسەن عەلی محەمەد، پرۆژەی کۆگای کشتوکاڵی حەسەن لە قەزای کفری وای وت.

لـە بەرامبەردا، ئـالان ئەرکان، وتەبێـژی بەڕێوبەرایەتی گشـتی کارەبـای گەرمیـان، جەختی لە قسـەکانی کردەوە کە لە بەشـی پێشـو خرانەڕو، بەوەی نرخـی کارەبای پۆلـی بازرگانی لەلایەن حکومەتەوە دیارییکراوە و دەسـەڵاتی ئەوان نییە گۆڕانکاریی تێدا بکەن.

ئاماژەی بەوەشکرد کە داواکارییەکی هاوشێوەیان کردوە بۆ ئەوەی دۆخی ناوچەکە رەچاو بکرێت و پارەی کارەبای کەمتر بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چاوەڕێی وەڵامن.

## ٦. پرسی بەرتیل وەرگرتن

بەپێـی وتەی بەشـێک لـە بازرگانن کـە پـرۆژەی بازرگانیان لە رێگەی شـارەوانیەکانەوە وەرگرتوە داواکردنی بەرتیل لێیان بونی هەیە، بەڵام بەشـێوەی ناراسـتەوخۆ، شارەوانیەکانیش ئەوە رەت دەکەنەوە.

کاروان وەلـی غەفور، خاوەنی پرۆژەی بازاڕی بێشـکان لە قەزای کەلار باسی لەوەکرد: بە شێوەی راستەوخۆ داوای بەرتیل نەکراوە، بەڵکو بەشـێوەی ناراسـتەوخۆ بوە، بەجۆرێک لە جۆرەکان داوای شـت کراوە بۆیان بکڕیت کێشەت بۆ دروست ئەکرێت ئاستەنگیت بۆ دروسـت ئەکەن، ئەمەش لە وەزارەتێک و بەڕێوبەرایەتیەکەوە بۆ دانەیەکی تر دەگۆڕێت.

وتیشی: ئەم کێشەیە لە ناوچەکانی خواروی عێراق هەیە وا خەریکە لە کوردسـتان و بەتایبەت گەرمیانیش خەریکە زیاد دەبێت، بۆیە ئەگەر بڵێین نیە هەیە.

دلێرمحەمەد سـالح، خاوەنی پرۆژەی شـاری یـاری قەزای کفری باسـی لەوەکرد: بۆخۆم هیچ ئەوەم روبەڕو نەبوەتەوە کە بەرتیل بدەم، بەڵام حەقیقەتێک هەیە ئەوە راسـتە کە داواکردنی بەرتیل هەیە بەتایبەت لە سـاڵانی پێشـتر، چونکە ئەم شـارە کۆمەڵێک پـرۆژەی بـۆ هاتـوە رێگری هەبوە و ئاسـتەنگی دروسـتکراوە و نەیانهێشـتوە پرۆژەکە بکرێت و کارەکانی وەستاوە، بەجۆرێک بە ناراستەوخۆ دەلاڵیان هەبوە و داوای بەرتیل کراوە.

حەسـەن عەلـی محەمـەد، خاوەنی پـرۆژەی کۆگای کشـتوکاڵی حەسـەن لە قەزای کفری هەمان رای هەیە و وتی: پرسـی بەرتیل وەرگرتن بە ئاراستەیەکی ترە و بەشێوەی راستەوخۆ نیە، بۆنمونە لە بازگەکان پێمان دەڵێن برۆن گومرک بدەن کە خۆشـیان وەری ناگـرن، بەڵکو دەڵێن برۆن لەسـەرەوە بیـدەن، ئەمە چ جیاوازی هەیە لەگەڵ بەرتیل وەرگرتن.

بەپێچەوانـەوە، محەمـەد ئەحمـەد، خاونـی کۆمەڵـگـەی کەلاری گەشـتیاری لە قەزای کەلار وتی: تاوەکو ئێسـتا روبەڕوی شـتی وانەبومەتەوە.

لە بەرامبەردا، ئەکرەم سـالح، سـەرۆکی شـارەوانی کەلار باسی لەوەکـرد: پرسـی بەرتیل وەرگرتـن بوە بە قسـەیەک و ئەکرێت بازرگانێک دێت و بە ناڕاستەوخۆ قسەیەک دەکات و دەستناخاتە سـەر برینەکە کە لە کوێدایە، لەگەڵ ئەوەش هەمو فەرمانگەیەک بەڕێوبەرێکی هەیە و سـەروی خۆی هەیە ،ئەگەر شتێکی وا هەیە دەتوانێت بۆ رای گشتی ئاشکرای بکات چ لە رێگەی دادگاوە بێت چ لە رێگای میدیاوە بێت.

جەختـی لەوەشـکردەوە: ئەگەر بەڕێوبەر بـە دەم داواکارییەکەی نەهـات و ئیهمالی تێداکرد ئـەوە گومانێک هەیە، بۆیە ئێمە وەک خۆمـان بە هەمو شـێوەیەک ئـەوە رەت دەکەینەوە کە شـتی وا هەبوبێـت لـەلای ئێمە، ئەگەر شـتی واش هەیە بـا بێت و پێمان بڵێت بە دڵنیاییەوە پارێزراو دەبێت و ئیشەکەشی رایی دەکرێت.

هاوکات، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی کفری دەڵێت: تاوەکو ئێستا هیچ سکالایەکمان نەهاتوە لا لەو روەوە کە باس لەوەبکرێت بازرگانێک بەرتیلی لێوەرگیرابێت لەبەرامبەر هەر کارێک بەتایبەت فەرمانگەکەی ئێمە شتی وا نیە و بەرچاوم نەکەوتوە.

دەشڵێت: ئەگەر شتی واهەیە دەتوانن بێن و سکالا تۆماربکەن بۆ ئەوەی ئیجرائاتی خۆمان بکەین ، لەگەڵ ئەوەشدا رێگە بەو کارە نادەین ئێمە کە بەرامبەر بە بازرگان شتی وابکرێت.




## ٧. ئاستەنگی دروست کردن بۆ راییکردنی مامەڵەکان

هەندێک لە بازرگانان جەخت لەوەدەکەنەوە هەندێکجار ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت لەلایەن فەرمانگە پەیوەندیارەکانەوە، حکومەتیش لەوبارەیەوە وەڵام دەداتەوە.

حەسەن عەلی محەمەد، خاوەنی پرۆژەی کۆگای کشتوکاڵی حەسەن لە قەزای کفری هێمای بۆ ئەوەکرد: ئاستەنگی بۆ ئیشەکانمان دروست دەکرێت رۆژی واهەبوە حکومەت هەر نەیهێشتوە ئیش بکەین و گومرکمان لێ وەرگیراوە بۆ جارێکی تر لێمان وەرگیراوەتەوە، بەجۆرێک ئیدارەی گشتی یەکێتی تەداخولی ئیشەکانمان دەکەن.

دەشڵێت: بە جۆرێکە بۆ نمونە ٢٥ تەن پەینی کیمیایی هاوردە دەکەم لە بازگەی کفری رێگە نادرێت بێتە ژورەوە پێت ئەڵێت برۆ نوسینگەیەکی تایبەت بە خۆت دابنێ بۆ ئەوەی ئیشەکانت بکەی، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەیە کە داخڵی لیستی بەڕێوبەرایەتی باج بین و ساڵانە باج بە حکومەت بدەین، ئەمە تەنها بۆ ئێمەی بازرگان نیە، بەڵکو بۆ جوتیارەکانیش وایلێهاتوە.

هاوکات، محەمەد ئەحمەد، خاونی کۆمەڵگەی کەلاری گەشتیاری لە قەزای کەلار وتی: لە ئێستادا هیچ ئاستەنگیەک نیە و کارەکانمان بە یاسایی کراوە، بەڵام کاتی خۆی لە کاتی کردنەوەی چێشتخانەی سوڵتان بە زەحمەت کردمانەوە و سکاڵامان لەسەر کرا کە نابێت بکرێت، لە کاتێکدا لە دەرخستەکەماندا ئەمانە هەموی هەبو، تاوەکو وامان لێهات رەزامەندیەکەمان لە وەزارەتەوە هێنایەوە کە کێشەی نەبو.

دەشڵێت: هەمو ئەمانەشی کە دەیکەین بۆ حکومەتە و کە ماوەی گرێبەستەکەمان تەواو بو دیسان موزایەدەی بۆ دەکرێتەوە رەنگە ببێت بە هی کەسێکی کە.

هاوکات، کاروان وەلی غەفور، خاوەنی پرۆژەی بازاڕی بێشکان لە قەزای کەلار باسی لەوەکرد: ئاستەنگیت روبەڕو ئەبێتەوە ئەمەش رێژەییە و بە بەڕێوبەرایەتیەکان کەوتوە، بەتایبەت ئێستا گرفتی موچە هەیە ئیشوکار بە باشی ناڕوات، روبەڕوی هەندێک قسە دەبیتەوە وەک بڵێی موچە لەلای ئێمەیە.

«دۆخەکە هەر چۆن بێت ماندوکردنی بازرگان و موماتەڵەکردن بە ئیشوکارەکانیەوە قبوڵکراو نیە، ئەوەی هەیە دەوام بە نۆرەیە (تەناوبە) بەهۆی ئەو دۆخە ئابورییەی کە هەیە و موچە نیە، ئەگەر بازرگانێک رۆژێک ئەو فەرمانبەرەی کە کارەکەی لایەتی و لە دەوام نەبێت و ٣ ژوری دیکە لە دەوام بن ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت». ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار وای وت.

دەشڵێت: دەوامی نۆرە هۆکاری بەشێک لە کێشەکانن و رۆژانە روبەڕوی ئەوە دەبینەوە کە فەرمانبەر لە دەوام نیە و ئاستەنگی بۆ کارەکان دروست دەبێت، بۆیە ئەگەر شتی وا هەبێت و هۆکارێک نەبێت ئەوە دەتوانرێت بەڕێوبەر ئاگادار بکرێتەوە، ئەگەر کاری لەسەر نەکرا ئەوە دەچێتە قاڵبی گومانەوە کە ئاستەنگی هەیە و دەتوانێت بۆ رای گشتی ئاشکرای بکات.

عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری دەڵێت: ئاستەنگی نیە، ئەوەی هەیە رۆتیناتی زۆرە بەهۆی ئەو دۆخەی کە ئێستا تێیداین کە دەوام تەناوبە و موچە نیە و بایکۆتە.

## ٨. پرۆژەکان بە خەمڵاندن دەدرێت بە بازرگانان

سەرۆکی شارەوانیەکان باس لەوە دەکەن هەر پرۆژەیەک کە دەدرێت بە بازرگانێک خەمڵاندنی بۆ دەکرێت و کۆمەڵێک ڕێکاری یاسایی خۆی هەیە و تیایاندا جێبەجێ دەکرێت.
ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار باسی لەوەکرد: هەر پرۆژەیەک کە ئامادە دەکرێت لە ڕێگەی زەویوزارەوە کە بۆ چی پرۆژەیەک بێت مۆڵ بێت یان پێشانگای ئۆتۆمبێل بێت، ئەوە ئاراستەی بەڕێوبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی دەکرێت بە نوسراوی فەرمی، کە نەخشەدانان پەسەندی کرد دواتر ئەدرێت بە لیژنەی خەمڵاندن.
دەشڵێت: لیژنەی خەمڵاندن دیاریدەکات نرخی موڵکەکە چەندە، دوای ئەوەش ئاراستەی ستافی ئەندازیاریی دەکرێت بۆ دیزاینکردنی کە پرۆژەکە چۆن بێت، کە تەواو بو ئاراستەی لیژنەی بەکرێدان دەکرێت کە ڕێکارەکان تەواو کرا ئەوکات بانگەوازی بۆ دەکرێت بۆ ماوەی هەفتەیەک و لە ٢ ڕۆژنامەی فەرمیش بڵاودەکرێتەوە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: دوای ئەوە موزایەدەی بۆ دەکرێت کە گەشتە ئەو نرخەی کە شارەوانی دیاریکردوە ئەو کات بۆ کێ دەرچو گرێبەستی لەگەڵ دەکرێت دوای ٥ ڕۆژ ئەگەر گرفتێک نەبو، دواتر ڕێکاری مۆڵەتی بۆ ئەگیرێتەبەر و ماوەیەکی بۆ دیاری دەکرێت و دەبێت بە پرۆژەیەکی بازرگانی و دەبێتە سەرچاوەی داهات بۆ شارەوانی کەلار.
هاوکات، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی کفری دەڵێت: هەر زەوییەک کە دەدرێت بە وەبەرهێن و لە ڕێگەی موزایەدەوە بە لیژنە کارەکانی بۆ ئەنجام دەدرێت، بەجۆرێک لیژنەی خەمڵاندنمان هەیە، لیژنەی موزایەدەمان هەیە، لیژنەی هونەری و بەشی موڵکایەتیمان هەیە بۆ ئەو مەبەستە.
دەشڵێت: هەر لیژنەیەکمان لە ٣ ئەندام کەمترنیە و لیژنەکانیش هەمیشە تاکن.

## ٩. کاری پرۆژەکان لە ڕێگەی لیژنەوە دەکرێن

هەر پرۆژەیەک کە دەدرێت بە بازرگانێک لە ڕێگەی لیژنەوە کارەکان ئەنجام دەدرێت.
ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار باسی لەوەکرد: کارەکانمان لە ڕێگەی لیژنەوە دەکرێت، بەجۆرێک هەمو ساڵێک لیژنەی نوێ پێکدەهێنرێت و ٦ مانگ جارێک دەگۆڕێن، هەر لیژنەیەکیشمان لە ٣ کەس پێک اتوە، لیژنەکانیش لیژنەی خەمڵاندن و بە کرێدانە.

وتیشی: بۆ خەمڵاندنی مەرکەزی کە بۆ موڵکەکە دەکرێت نوێنەری داواکاری گشتی و تاپۆی گەرمیان و باجی خانوبەرەشی تێدا دەبێت کە پەسەند دەکرێت.
«پرۆژەکانی شارەوانی تاپۆ ناکرێن، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت بەپێی یاسا»، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری وا دەڵێت.

## ١٠. پرۆژە بازرگانیەکان لە ڕێگەی شارەوانیەوە بە گرێبەست ئەنجام دەدرێت

«هەر گرێبەستێکمان بۆ ماوەی ٢٥ ساڵە بەپێی یاسای بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت بە ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١، ئەگەرچی پێشتر بەپێی یاسای ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ هەر گرێبەستێک بۆ ٣٠ ساڵ بو دواتر بەپێی یاسا نوێیەکە کەمکرایەوە». ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار وای وت.
وتیشی: گرێبەستەکە هەمو ساڵێک نوێ ناکرێتەوە، بەڵام بەپێی یاساکە بۆمان هەیە ٣ ساڵ جارێک خەمڵاندن بۆ موڵکەکە بکەینەوە بەپێی ڕۆژ و بارودۆخ کە گونجاو بێت، بۆ ئەمەش

لیژنەیەک چاودێری دەکات، ئەگەرچی موڵکەکانی ئێمە لە چاو شارەکانی تری هەرێم کرێکەی زۆرە و نرخەکەشی هەر زۆرە.
بەهەمان شێوە، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی کفری دەڵێت: پرۆژەکانی شارەوانی کە دەدرێن بە کرێ گرێبەستیان بۆ دەکرێت، دوابەدوای تەواوبونی گرێبەستەکەش بەپێی یاسای بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ئەوە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت و موزایەدەی بۆ دەکرێتەوە.

## ١١. پرۆژە بازرگانیەکان لە ڕێگەی شارەوانیەوە تۆمار ناکرێن

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار باسی لەوەکرد: پرۆژەکان تۆمار «تاپۆ» ناکرێن، بەڵکو جگە لەوەی بۆ هەر پرۆژەیەک «ختاب زەمانی» بۆ دەکەین، هاوکات لە ٪٢مان هەیە بۆ کرێی خزمەتگوزاری پرۆژەکە، کاتێکیش کە مۆڵەتی بینا وەردەگرێت بڕێک تری پارەی لێوەردەگیرێت جگە لە باجەکان و کرێی کارەبا و ئاو کە دەیدات.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: دوای ئەوەی کە بیناکە تەواو بو وەک شارەوانی جگە لە کرێی ساڵانەکەی هیچی لێوەرناگیرێت.

هاوکات، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی کفری دەڵێت: لەبەرامبەر مۆڵەتی بینا بۆ هەر مەترێک بۆ پرۆژەی بازرگانی بڕی ٧٥٠ دینار وەردەگیرێت ئەمەش یاسا دیاریکردوە.

جەختی لەوەشکردەوە: پرۆژەکانی شارەوانی تۆمار «تاپۆ» ناکرێن و بۆ دەوڵەت دەگەڕێنەوە.

## ١٢. داهاتی ساڵانەی پرۆژەکانی شارەوانیەکان چەندە

«داهاتی ساڵانەی پرۆژەکانی شارەوانی گە بازرگانین خۆی لە ١٥٠٠ پرۆژەی جۆراوجۆر دەبینێتەوە لە بوارە جیاوازەکاندا زیاترە لە ٣ ملیار دینارە بۆ هەر ساڵێک». ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی قەزای کەلار وای وت.

بەڵام دۆخەکە بۆ قەزای کفری جیاوازە ،چونکە وەک قەزای کەلار پرۆژەی تێدانیە ئەوەی هەیە ڕێژەیەکی کەم و سنوردارە، ئەمەش وایکردوە داهاتی ساڵانەی کەم بێت.

عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی کفری دەڵێت: داهاتی مانگانەی ئێمە بەپێی پرۆژەکان زۆر نیە، چونکە پرۆژەی گەورەمان نیە، ئەوەشی هەیە مانگانە ڕادەستی بانکی دەکەین کە مەوسمی کرێی ساڵانەکان بێت ئەوە ٢٥ بۆ ٣٠ ملیۆن دینارە بۆ هەر مانگێک.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کرێی دوکان و پرۆژەکان نەبێت و کەم بێت ١٠ بۆ ١٥ ملیۆن دیناری مانگانەیە.

## ١٣. دواکەوتنی هەر کرێیەکی ساڵانە زیادەی دەچێتە سەر

ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، باسی لەوەکرد: ئەو بڕە پارەیەی کە بەپێی گرێبەستەکە کە بۆی دیاریکراوە، ئەگەر دوابکەوێت لە دانی ئەوە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان زیادەیەکی دەچێتە سەر بە بڕی ٪٧.

وتیشی: هەندێکجار یاساکان و ڕێنماییەکان دەگۆڕێن، هەر کات یاسای قەرزەکانی دەوڵەت هەر ڕێژەیەکی دیاریکرد ئەوەی لێی وەردەگیرێت.

بە هەمانشێوە، عەلی خورشید، سەرۆکی شارەوانی قەزای کفری دەڵێت: هەر بازرگانێک دوابکەوێت لە دانی کرێی ساڵانەی، ئەوە بەپێی یاسا لە ٪٧ی زیادەی دەچێتە سەر، ئەگەرچی ئێمە هاوکاری تەواوی بازرگانان بوین لەو ڕووەوە و پێش وەخت ئاگادارمان کردونەتەوە.

## بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

- لە سنوری گەرمیاندا دو جۆر پرۆژەی بازرگانی هەیە کە لەلایەن شارەوانییەکان و بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانەوە دراون بە هاوڵاتیان، زۆرینەشیان لەلایەن شارەوانییەکانەوە و بەتایبەتی شارەوانی قەزای کەلارەوە دراون. ژمارەی پرۆژەکان لەلای وەبەرهێنان ٢٠ پرۆژەن و لای شارەوانیەکان سەروی ١٠٠ پرۆژەن.
  پرۆژە بازرگانییەکان جۆراوجۆرن، لە تەلار و بازاڕ و وێستگەی سوتەمەنی و دوکان و کۆگا و پێشانگای ئۆتۆمبیل و پرۆژەی گەشتیاریی و...هتد، خۆیان دەبیننەوە.

- لە پێدانی ئەم پرۆژانەدا، یاسای تایبەتمەند هەیە، کە بۆ پرۆژە بازرگانییەکانی پەیوەندیدار بە شارەوانییەکانەوە، یاسای (ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١) و بۆ پرۆژە بازرگانییەکانی پەیوەندیدار بە بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانەوە، یاسای (ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦)ە.

- جیاوازی لەنێوان پرۆژەکانی وەبەرهێنان و شارەوانییەکاندا هەیە، ئەوانەی وەبەرهێنان پرۆژەکە بە یەکجاریی دەدرێت بە وەبەرهێن و بڕێک پارەی لێوەردەگیرێت و دەتوانرێت لەسەری تاپۆ بکرێت، ئەمە سەرباری ئەوەی لە ١٠ ساڵی یەکەمدا باجیشیان لێوەرناگیرێت، بەڵام پرۆژەکانی شارەوانی بە بانەوانی **«مساطحه»** دەکرێن و ماوەکەیان دیاریکراوە و بە شێوازی زیادکردن بە کرێی ساڵانە دەیاندرێتێ و دەبێت دوای ئەو ماوەیەی دیاریکراوە بیگەڕێننەوە بۆ شارەوانی و بازرگانەکان ناتوانن لەسەر خۆیانی تاپۆی بکەن. سەرباری ئەوەش پرۆژەکان بە هەردو تایپەکەوە ساڵانە باجی خانوبەرەیان لێوەردەگیرێت بە رێژەی (٩٪).

- پرۆژە بازرگانیەکانی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی هەرێم کراون بە سێ زۆن و تایپی جیاوازەوە (A، B و C)، لەسەر ئاستی گەرمیان، جگە لە پرۆژەکانی کەلار کە بە زۆنی (A) هەژمارکراوە، ئەوانی دیکە لە زۆنی (C)ـن.

- پرۆژە بازرگانییەکان بەهەردو جۆرەکەیەوە، کێشەی جۆراوجۆریان هەیە، دیارترینیان کێشەی رۆتیناتە، لەگەڵ کێشەی دروستکردنی ئاستەنگ بۆیان و راییەکردنی کاروبارەکانیان، هەروەها کێشەی گرانی نرخی کارەبا لەسەریان.

- بازرگانان باس لە بونی حاڵەتەکانی وەرگرتنی بەرتیل یان دروستکردنی ئاستەنگیی بۆ ناچارکردنیان بەپێدانی بەرتیل دەکەن چ بەشێوەی راستەوخۆ و چ بە ناڕاستەوخۆ، ئەگەرچی ئەو کەسانەی قسەیان بۆ کردین باسیان لەوە نەکرد هیچ حاڵەتێکی راشکاو بەرامبەر بە خۆیان رویدابێت.

- جگە لە کەلار، پرۆژە بازرگانییەکان لە ناوچەکانی دیکە لاوازن، بەڵکو لە هەندێک ناوچەش وەک بازرگانەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، زیان دەکەن.

- داهاتی پرۆژە بازرگانییەکانی شارەوانی بۆ حکومەت، لە کەلاردا لە ساڵێکدا دەگاتە نزیکەی ٣ ملیار دینار، لە کفریش لەنێوان ٢٥٠ بۆ ٣٥٠ ملیۆن دینارە.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

١. پرۆژە بازرگانییەکان بە شادەمارێکی ئابوریی ناوچەکە هەژمار دەکرێن، جگە لەوەش لە ڕوی داهاتەوە بۆ حکومەت ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان هەیە. لەم سۆنگەیەوە گرنگە حکومەت برەوی زیاتر بەم کەرتە بدات، بەتایبەتی بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی گەرمیانەوە کە هاوسنورە لەگەڵ ئێران و ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق. یەکێک لەو گرنگیپێدانەش ئەوەیە کە جۆرێک لە لامەرکەزیی بە ناوچەکە بدرێت بۆ ئەوەی ڕێکارەکانی برەودانی بەم کەرتە بە بەشێوەیەک دابڕێژێت کە سودی زیاتر لێبکەوێتەوە.

٢. وەک دەردەکەوێت جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بڕ و جۆری پرۆژەکان لە قەزای کەلار و ناوچەکانی دیکە، ئەمەش لاسەنگیی لە گەشەپێدانی ناوچەکە دروستدەکات و هاوکات واش دەکات لە ڕوی دانیشتوانەوە قورسایی زیاتر لەسەر کەلار دروست بکات، بۆیە گرنگە حکومەت پلانی هەبێت و هەوڵبدات پرۆژەکان لەسەر ئاستی هەمو ناوچەکە برەو پێبدات، ئەمەش بە ئاسانکارییکردن بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی بازرگانی لە ناوچەکانی دیکە.

٣. ڕۆتین یەکێکە لە دەردە کوشندەکانی هەمو پرۆژە و سێکتەرەکان، ئەمەش کاریگەریی خۆی لە بواری پرۆژە بازرگانییەکان داناوە. گرنگە حکومەت ڕێکاری ئەوتۆ بگرێتەبەر کە ڕۆتین کەم بکاتەوە و چیتر مامەڵەکانی وەرگرتنی پرۆژەکان هێندە ڕۆتینی نەوێت، بەتایبەتیش بۆ ئەمە دەکرێت سود لە ڕێگای ئەلیکترۆنی ببینرێت و ڕێگا تەقلیدییەکە وەلاوە بنرێت.

٤. دەبێت ئاسانکاریی بۆ پرۆژەکانی ناوچەکە بکرێت، ئەویش چ لە ڕوی تێچونەوە، چ لە ڕوی ئاسانکاریی ئیدارییەوە، بەتایبەتیش ڕێگرییکردن نەهێڵرێت، هەروەها نرخی هەندێک لە خزمەتگوزارییەکان دابشکێنرێن، ئەمەش بەمەبەستی برەودانی زیاتر پێیان.

٥. دەبێت حکومەت بەجیدیی کار بکات لەگەڵ ئەو دەنگۆ و زانیارییانەی لەبارەی وەرگرتنی بەرتیلەوە هەن، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکاری کرداریی بگرێتەبەر.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.

* ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی ڕایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەڕوی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٣. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net